Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.- Conf-Sajade, 22

# سەرواداری لە دەق پێشەکیی شاعیران لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی عەلائەدین سەجادیدا

یادگار ڕەسول حەمەدئەمین

بەشی کوردی // فاکەڵتی ئاداب // زانکۆی سۆران

*Article Info*

Received: May, 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

عەلائەدین سەجادی، سەرواداری، پێشەکی، پارچە

Corresponding Author

yadgar.ameen@soran.edu.iq

**پوختە**

سەرواداری(السجع) هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و جوانکاریی وشەیی و زیاتر پەیوەستە بە پەخشانەوە، سەجع (هاوشێوەی سەروا لە شیعردا) بریتییە لە چەند دەنگ و ئاوازێکی هاوبەش لە کۆتایی ڕستە و دەستەواژەی پەخشاندا، ئەو دەنگە هاوبەشەی کۆتایی ڕستە ودەستەواژەکان ڕیتم و ئاوازێکی هونەری دەبەخشێتە دەقە پەخشانیەکە.

عەلائەدین سەجادی وەکو نووسەر و ئەدیبێکی بە سەلیقە، وێڕای کارکردنی لە کۆمەڵێک بواری ئەدەبی و ڕەخنەیی و مێژوویی و زمان و ئایین، دەستێکی باڵای ئەدەبیی لە نووسینی دەقی پەخشانیی شیعرئامێزیش هەبووە. لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، وێڕای ئەوەی کە تا ئێستاش بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی بواری مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دادەندرێت، هاوکات خودی ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی ئەدەبیشە و نووسەر لە دەستپێکی باسکردنی ژیان و بەرهەمی هەر شاعیرێک، پارچە پەخشانێکی تێکەڵ بە هونەری سەجع و سەرواداریی هۆنیوەتەوە و توانا ئەدەبییەکانی خۆی تێدا دەرخستووە.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و لێتوێژینەوەی قاڵبە جیاجیاکانی هونەری سەجع لە دەقە پەخشانییەکانی پێشەکیی سەرجەم ئەو شاعیرانەی کە عەلائەدین سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا باسی کردوون.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەمی تیۆرییە و تایبەتە بە ناساندنی هونەری سەجع و تایبەتمەندی و جۆرەکانی و ڕەنگدانەوەی لە پەخشاندا. بەشی دووەمیشی پراکتیکییە و بە وردی و لە ڕوانگەی هونەری جوانکاری و ڕەوانبێژییەوە جۆر و قاڵبەجیاجیاکانی هونەری سەجع لە پەخشانەکانی عەلائەدین سەجادی دەرخراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەرواداری لە دەقی پێشەکیی شاعیران لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی عەلائەدین سەجادیدا) هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و لێتوێژینەوەی هونەری سەرواداری لەو پەخشانە ئەدەبییانەی کە عەلائەدین سەجادی لە پێشەکیی باسکردنی شاعیران لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی هۆنیویەتییەوە.

سەرواداری زاراوەیەکی بواری ڕەوانبێژییە و جۆرێکە لە هونەری جوانکاریی وشەیی و زیاتر لە پەخشاندا دەردەکەوێت. عەلائەدین سەجادی جیا لەوەی نووسەرێک بووە لە کۆمەڵێک بواری ڕەخنەیی، مێژوویی، ئایین و زمان کاری کردووە. هاوکات نووسەرێکی زۆر باشی بواری ئەدەبی و ڕەوانبێژیش بووە و لەمبارەیەوە کتێبی هەیە. زانست و زانیاریی لە بارەی ڕەوانبێژیی یارمەتیی داوە کە زۆر بە وردی و وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پەخشانانەی پێشەکیی شاعیران بکات، بە تایبەتی لە هێنانەوەی سەرواي کۆتایی پارچەکاندا.

بە سەرنجدانمان لەو هونەرکارییانەی سەجادی لە پەخشانەکان بەکاری هێناوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە پێویست بەوە دەکات لە چوارچێوەی توێژینەوەیەک جێگای بکەینەوە و وردەکارییەکانی سەرواداری لەو پەخشانانەدا دەربخەین و لێیان بکۆڵینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی-شیکاریمان لەبەرچاو گرتووە، جیا لەوەی سەرواي پارچەی پەخشانەکانمان دەرخستووە، هاوکات وردەکارییەکانی سەرواداریمان لە چەند لایەنێکەوە شیکردۆتەوە و بە شێوەی ئاماری بەکارهێنانی هەریەک لە جۆرەکانی هونەری سەرواداریمان بە ژمارە و ڕێژە دەرخستووە.

سنووری کارکردنمان تەنها لەو بیست و چوار پەخشانانەدایە کە کەوتوونەتە پێشەکیی باسکردنی بیست و چوار شاعیری کوردی، کە عەلائەدین سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی باسی کردوون.

توێژینەوەکە جیا لە پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە، جیا لە باسکردنی چەمک و زاراوەی سەرواداری، هاوکات ڕای نووسەرانی بواری ئەدەبی و ڕەوانبێژیمان هێناوەتەوە تێڕوانینی ئەوانمان لە بارەی چەمک و پێناسە و جۆرەکانی سەرواداری خستۆتە ڕوو و دواتر هەڵمانسەنگاندوون و چەند دەرەنجامێکمان لە بۆچوونیان لەسەر جۆرەکانی سەرواداری هەڵهێنجاون و کردوومانەتە بنەما بۆ بەشی دووەم. بەشی دووەمیشمان بەشێکی پراکتیکییە و تایبەتە بە سەرواداری لە پەخشانەکانی عەلائەدین سەجادی، دابەشی سێ تەوەرمان کردووە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە دابەشکردنی سەرواداری لە ڕووی وشە و دەنگەکانی سەروا، کە خۆی لە سێ جۆردا دەبینێتەوە (هاوسەر، هاوڕوو، هاوئاواز). تەوەری دووەمیش بریتییە لە دابەشکردنی سەرواداری لە ڕووی کورتی و درێژیی پارچە و ڕستە و دەستەواژەی پەخشانەکان و بەسەر سێ جۆرمان دابەش کردوون (سەرواداری کورت، سەرواداری درێژ، سەرواداری تێکەڵ). تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە دابەشکردنی سەرواداری لە ڕووی کێش و ژمارەی برگەی هەریەک لە پارچەکانی پەخشانەکان و ئەویشمان کردۆتە سێ جۆر (پارچەی یەکسان، پارچەی یەکەم کورتتر، پارچەی دووەم کورتتر).

لە کۆتاییشدا کۆمەڵێك ئەنجاممان تایبەت بە ناوەرۆکی توێژینەوەکە خستوونەتە ڕوو و ئەو سەرچاوانەشمان ڕیز کردوون کە سوودمان لێ وەرگرتوون.

## سەرواداری، ناساندن و جۆرەکانی

### چەمک و پێناسەی سەرواداری

سەرواداری لە زمانی کوردیدا هەردوو زاراوەی (سەرواکاری) و (سەروادار)یشی بۆ بەکار هاتووە. ئەم زاراوەیە بەرانبەری زاراوەی (سجع) ی عەرەبییە و هونەرێکە زیاتر پەیوەستە بە پەخشان. سەرواداری و سەروا دوو هونەری ئەدەبین و پەیوەستن بە دەنگەکانی کۆتایی دەقەکان. ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەوەیە کە سەروا، کە لە عەرەبیدا (قافیە)ی پێدەوترێ، تایبەتە بە شیعر و هەرچی سەرواداریە زیاتر پەیوەستە بە دەقە پەخشانییەکان.

لەلایەن نووسەرانی ئەدەبی و ڕەوانبێژییەوە چەندین پێناسە بۆ سەرواداری کراوە، بەشێکی زۆری پێناسەکان لە مەبەستدا تێک دەکەنەوە و تەواوکەری یەکترن و پێناسەکان بەسەریەکەوە چەمکێکی فراوانتر بە سەرواداری دەبەخشن و پێناسەی زیاتر وا دەکات خوێنەر زیاتر لە زاراوەکە تێبگات. "عەزیز گەردی" لە کتێبی "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم" زاراوەی "سەروادار"ی بۆ سەجع بەکارهێناوە و بەم جۆرە پێناسەی دەکات: "سەروادار ئەوەیە کە دوو هەڵوێستی پەخشان یان پتر لەسەر یەک پیت یا پتر بوەستن، سەرواي هەڵوێستەکان وەکو سەرواي هۆنراوە وایە ئەوەندە هەیە لە هۆنراوەدا دەبێ کێشیان یەک بێ بەڵام لە پەخشاندا مەرج نییە" (گەردی، ١٩٧٥: ٢٧). "دکتۆر عەبدولعەزیز عەتیق"یش بەم شێوەیە پێناسەی سەرواداری دەکات: "بریتییە لە پێکەوەگونجانی دوو پارچەی پەخشان بە هۆی هەبوونی دەنگێکی هاوبەش... سەرواداری لە پەخشان وەکو سەروا وایە لە شیعر" (عتیق، ١٩٧٤: ٢١٥). هەرچی "عەلائەدین سەجادی"یە زاراوەی "سەرواداری"ی لە بەرانبەر سەجعی عەرەبی بەکارهێناوە و لە پێناسەکردنیدا دەڵێت: "دیارە ئەم سەرواداریە لە ئاخری ئەو ڕستانەوە ئەبێ کە پەخشانەکە دروست ئەکەن. ئەم هونەری سەرواداریە هی پەخشانە، وەکو (سەروا) هی هۆنراوە" (سجادی، ١٩٧٨: ١٤١).

جیا لەم پێناسانە، پێناسەی تریش بۆ سەرواداری کراون و هەموویان لەناو چوارچێوەی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو دەخولێنەوە و مانایەکی گشتی بە سەرواداری دەبەخشن. بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو پێناسانەی کراون، دەکری بڵێین: سەرواداری هونەرێکە و لە ڕەوانبێژیدا دەچێتە ناو خانەی جوانکاریی وشەییەوە و زیاتر تایبەتە بە پەخشان، بریتییە لە بوونی دوو پارچەی چەند وشەیی (دەستەواژە یان ڕستە) یان زیاتر کە لە کۆتاییاندا دەنگێک یان چەند دەنگێکی هاوبەشیان هەیە و ئاواز و ڕیتمێکی دیاریکراو بە پەخشانەکە دەبەخشن.

بەلای نووسەرانەوە سەرواداری بە تەنها بریتییە نییە لە هاودەنگیی کۆتایی پارچەکان، بەڵکو وردتر لە چەمکەکە دەروانن و کۆمەڵێک مەرج دادەنێن بۆ ئەوەی سەرواداریەکە دروست بێ. "عەزیز گەردی" لەمبارەیەوە دەڵێت: "سەروادار هەر تەنیا بەرامبەر یەکبوونی برگەی هەڵوێستەکان نییە، چونکە ئەگەر هەمووی هەر ئەوەندە بوایە، ئەوەی دەستی قەڵەم بگرێ دەیتوانی شت بخاتە قاڵبی سەروادارەوە، سەروادار دەبێ دوو وشەی نەرم و ناسک و هەڵبژاردە و لەجێ بن، مانایەکی قووڵ وخەست بدا بە بەدەستەوە" (گەردی، ١٩٧٥: ٢٨). هەروەها کۆمەڵێک مەرج بۆ سەرواداری دادەنێ و پێی وایە ئەگەر سەرواداری "ئەم شتانەی تێدا بەدی نەکرێ تەواو دەرناچێ:

١. لەبارەی وشەکانەوە، دەبێ نەرم و ناسک بن و تەڕ پڕ و پاراو بن.

٢. لەبارەی برگەکانی هەڵوێستەکانەوە دەبێ برگەکان تەبا و تفاق بن و بەرامبەر یەک بوەستن و وشە یا برگەی کۆتاییان وەکو یەک بێ.
٣. وشەکانی خزمەتی گوزارە بکەن، نەک گوزارەی لاوەکی بکەوتە بن پەلکی وشەکانەوە.
٤. دەبێ هەر هەڵوێستێک واتای سەربەخۆی هەبێ، دوور بێ لە واتای هەڵوێستەکانی تر" (گەردی، ١٩٧٥: ٣٠) .

"موحسین ئەحمەد گەردی"ش بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونەکانی "عەزیز گەردی" بەم شێوەیە مەرجەکانی سەرواداری ڕیز دەکات:
"١ -هەڵبژاردنی وشە دەبێ بە شێوەیەکی دروست بێ.
٢ -وشە شوێنکەوتووی واتا بێ.
٣ -هەربەکە لە ڕستە سەروادارەکان واتایەکی جیا لە ئەوەی تر بگەیەنێت" (گەردی، ٢٠١٣: ٢٧٤).

کەواتە لە هونەری سەرواداریدا لە پاڵ بوونی دەنگی هاوبەش لە کۆتایی دەستەواژە و ڕستە و پارچەکان، پێویستە چەند مەرجێکی تریش هەبن بۆ ئەوەی سەرواداریەکە وەک هونەرێکی بەرزی ئەدەبی دەربکەوێت، مەرجەکانیش بە گشتی بەکارهێنانی وشەی گونجاو و ناسک، پێکهاتەی ڕستەکان تەواو بێ و مانای تەواو بدات بە دەستەوە و خۆڕسکانە بن نەوەک تەنها وشەڕیزکردن بن، هەروەها هەریەک لە پارچە و ڕستەکانی پەخشانەکە لە رووی واتاییەوە جیاواز بن لەگەڵ پارچەکانی تر.

جۆرەکانی سەرواداری

نووسەرانی بواری ڕەوانبێژی بە چەندین جۆر سەرواداریان دابەش کردووە، هەیە لەسەر بنەمای دوادەنگی سەروا دابەشی کردووە، هەیە لەسەر بنەمای کورتی و درێژیی پارچە و ڕستەکان، هەشە لەسەر بنەمای ژمارەی برگە و وشەی پارچەیەک بە بەراورد لەگەڵ پارچەیەکی تر. لە ئەدەبی کوردیدا "عەزیز گەردی" لەمبارەیەوە پێشتر و وردتریش جۆرەکانی دەستنیشان کردووە و دەڵێت: "بە کورتی سەروادار دوو جۆرە، یەکەم: سەرواداری کورت، دووەم: سەرواداری درێژ" (گەردی، ١٩٧٥: ٣٦). دیارە مەبەست لە کورتی و درێژیی سەروادار لای "گەردی" و لای نووسەرانی تریش ئەوەیە کە ئەگەر پارچەکان لە رووی ژمارەی برگە و وشەوە زۆر بوون ئەوە پێی دەوترێت سەرواداری درێژ، خۆ ئەگەر کەم بوون ئەوە پێی دەوترێت سەرواداری کورت. جیاوازیی "عەزیز گەردی" لەگەڵ نووسەرانی پێشی خۆی ئەوەیە، کە نووسەرانی پێشتر ژمارەی وشە دەکەنە بنەما بۆ سەرواداری کورت و درێژ و پێیان وایە ئەگەر پارچەکان لە ١٠ وشە کەمتر بوون ئەوە پێی دەوترێ سەرواداری کورت، ئەگەر لە ١٠ وشەش زیاتر بوون ئەوە دەبێتە سەرواداری درێژ. بۆ نموونە "عەتیق" پێی وایە ٣ و ٤ و ٥ وشە بۆ هەر لایەکی پارچەکان تاوەکو ١٠ وشە دەبێتە سەرواداری درێژ، هەرچەندە لای هەندێک کەس سەرواداری کورت تاوەکو ١١ و ١٢ و ١٥ وشەش هەر بە سەرواداری کورت دادەندرێ و سەرووی ٢٠ وشە بە سەرواداری درێژ دادەندرێ. (عەتیق، ١٩٧٤: ٢٢٢). هەرچی "عەزیز گەردی"یە پێی ڕاستترە کە لەسەر بنەمای برگە سەرواداری کورت و درێژ دیاری بکرێن نەوەک لەسەر بنەمای وشە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "بەلای منەوە دەبێ سەرواداری کورت و درێژ بە هۆی برگەوە دیاری بکرێن نەک وشە، چونکە بۆی هەیە دوو هەڵوێست ژمارەی وشەکانیان هەندی یەک بێ بەڵام وشەکانی یەکێکیان لە وشەکانی ئەوەی تر درێژتر بن" (گەردی، ١٩٧٥: ٣٦). "گەردی" بۆ ئەم مەبەستە ١٠ برگە دەکاتە بنەما و پێی وایە ئەگەر پارچەکان لە ١٠ برگە کەمتر بوون ئەوە پێی دەوترێت سەرواداری کورت و ئەگەر لە ١٠ زیاتر بوون ئەوە پێی دەوترێت سەرواداری درێژ.

لە نێوان ڕای "عەزیز گەردی" و نووسەرانی پێشووتر، ئێمە ڕایەکی ترمان هەیە، ئەوە ڕاستە کە دیاریکردنی کورتی و درێژیی پارچەکان لەسەر بنەمای برگە وردتر و دروستترە، بەڵام پێمان وایە دانانی بنەمای ١٠ برگە بۆ جیاکردنەوەی پارچەی کورت و درێژ کەمە و دەکرێ ژمارەی برگەکان زیاد بکرێت. ئەمە بۆ شیعریش ڕاستە، ئەو قاڵبانەی کە ژمارەی برگەی لەتەکانی لە سنووری ١٠ برگە و ١١ برگەیە بە قاڵبی کورت هەژمار دەکرێن و ئەوانەی لە سنووری ١٥ برگە و ١٦ برگەدان بە قاڵبی درێژ هەژمار دەکرێن. ئەگەر ئەوە بۆ شیعر ڕاست بێت، کە لە پەخشان خەستتر و چڕترە، ئەوە بە دڵنیاییەوە بۆ پەخشانیش ئەگەر ژمارەی برگەکان زیاتر نەکرێت نابێت کەمتر بکرێت، بەو پێیەی زمانی پەخشان لە زمانی شیعر درێژدادڕترە. لەم ڕوانگەیەوە هاوشێوەی "گەردی" بە ڕاستتری دەزانین کە لەسەر بنەمای برگە، درێژی و کورتیی پارچەکان دیاری بکرێت، بەڵام پارچەی ١٥ برگەیی بکرێتە بنەما نەوەک ١٠ برگەیی، واتە ئەگەر ژمارەی برگەی پارچەکانی پەخشانەکە لە ١٥ برگە کەمتر بوون پێیان دەڵێین سەرواداری کورت، ئەگەریش لە ١٥ برگە زیاتر بوون پێیان دەڵێین سەرواداری درێژ.

جیا لەم دابەشکردنە، "عەزیز گەردی" بە دوو شێوەی تر سەرواداری دابەش دەکات. بۆ شێوەی دووەمی دابەشکردنەکە دەڵێت: "سەروادار کورت بێ یا درێژ بە تێکرایی دەکرێ بە سێ بەشەوە:

یەکەم: ئەوەیە هەردوو هەڵوێستەکە لە بارەی کێشەوە وەکو یەک بن واتە ژمارەی برگەیان هەندی یەک بێ، خۆ دیارە هەردووکیشیان لەسەر یەک سەروا دەڕۆن... وەکو (تەپ لەسەر تەپی، دەست لەناو ڕەپی) .

دووەم: ئەوەیە کە دوو هەڵوێستەکە یا هەموو هەڵوێستەکان لەسەر یەک کێش نەڕۆن، کێشیان جودا بێ، هەڵوێستی یەکەم لە هەڵوێستی دووەم کورتتر بێ... وەکو (هەورۆکە، لێی دەباری بەفرۆکە).

سێیەم: ئەوەیە کە کێشی هەڵوێستەکان یەک نەبێت، هەڵوێستی دووەم لە هەڵوێستی یەکەم کورتتر بێ" (گەردی، ١٩٧٥: ٣٧-٣٨).

لە شێوەی سێیەمی دابەشکردنی سەرواداریدا دابەشی سەر سێ جۆری دەکات :

١ -سەرواداری هاوسەر: ئەوەیە کە هەڵوێستەکان سەروایان یەک بێ بەڵام کێشیان یەک نەبێ، جا یەکەم لە دووەم کەمتر بێ یا دووەم لە یەکەم کەمتر بێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کێشیان جودا و سەروایان یەک بێ.

٢ -سەرواداری دارژاو: ئەوەیە هەڵوێستەکان کێش و سەروای گشتیان یەک بێ. سەرەڕای ئەمەش زۆربەی وشەکانی هەڵوێستی یەکەم لەگەڵ وشەکانی هەڵوێستی دووەم تەن بە تەن هاوکێش و هاوسەروا بن.

٣ -سەروای هاوڕوو: ئەوەش وا دەبێ دوو هەڵوێست یا پتر بەشوێن یەکدا بێن و وشەی کۆتاییان لە بارەی کێش و سەرواوە وەکو یەک بێ بەبێ چاودانە بەشەکانی تری هەڵوێستەکان" (گەردی، ١٩٧٥: ٣٩-٤٠).

" عەلائەدین سەجادی" تەنها بە یەک شێوە سەرواداری دابەش دەکات و پێی وایە سەرواداری سێ جۆرە؛ هاوسەر (مطرف)، هاوکێش (متوازن) و هاوڕوو (متوازی). هەروەها بەم شێوەیە پێناسەیان دەکات: "((هاوسەر)) ئەوەیە کە چەند ڕستە و بەندێکە بەشوێن یەکدا دێن، لە پیتی دواییدا وەکو یەکن،

بەڵام لەلایەن ژمارەی پیت و کێشەوە جیان... ((هاوکێش)) چەند سەروایەکن لە چەند ڕستەیەکی بەشوێن یەکدا دروست ئەبن. لە کێش دا ڕووبەڕووی یەک ئەوەستن، بەڵام لە پیتی بنچینەییدا جیا ئەبنەوە... ((هاوڕوو)) ئەم بەشە ئەوەیە کە سەرواکان لە دوای ئەو ڕستانەوە دێن کە بەشوێن یەکدان، ئەمانە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێکن، لە کێش و ژمارەی پیت و تەنانەت لە پیتی پێش پیتی بنچینەییشدا هەر یەکن. پیتی بنچینەیی ئەوەیە کە سەرواکە لەسەر ئەو ڕاوەستاوە" (سجادی، ١٩٧٨: ١٤٢-١٤٣).

هەرچی "عەبدولعەزیز عەتیق"ە، سەرواداری دەکاتە چوار جۆر، کە بریتین لە (موتریف، تەرسیع، متەوازی و مەشتوور). هەروەها بەم جۆرە پێناسەیان دەکات؛ موتریف ئەوەیە کە پارچەکان هاوکێش نەبن و هاوڕەوی بن. تەرسیع ئەوەیە کە هەموو وشەکانی پارچەیەک لە بەرانبەر پارچەی دواتری هاوکێش و هاوڕەوی بن. متەوازی ئەوەیە کە تەنها وشەی کۆتایی پارچەکان هاوکێش و هاوڕەوی بن. مەشتوور، کە تەشتیریشی پێدەوترێ، ئەوەیە کە پارچەکان هاوسەروا نەبن و ئەمەش تایبەتە بە شیعر (عەتیق، ١٩٧٤: ٢١٧-٢٢٠).

ئەگەر چی دابەشکردنی جۆرەکانی سەرواداری لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە، بەڵام زۆربەیان لە مەبەست و ئامانج تێدەکەنەوە. لە ئەنجامی خوێندنەوە و دیقەتدانی بەشێک لەو دابەشکردنانەی نووسەران و بە وردبوونەوە لە پەخشانەکانی عەلائەدین سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دەکرێ بە سێ جۆر سەرواداری دابەش بکەین:

**جۆرەکانی سەرواداری لە ڕووی وشە و دەنگەکانی سەرواوە**

یەکەم: **هاوسەر (المطرف):** ئەوەیە کە وشەی کۆتایی پارچەکان هاوسەروا بن بەڵام هاوکێش نەبن، واتە دوادەنگی وشەکانی کۆتایی هاودەنگن، بەڵام وشەکان لە ڕووی برگە یەکسان نین.

دووەم: **هاوڕوو (المتوازی):** ئەوەیە کە وشەی کۆتایی پارچەکان هاوکێش و هاوسەروا بن، واتە جیا لەوەی دوا دەنگی وشەکانی کۆتایی هاودەنگن، لە هەمان کاتدا وشەکان لە ڕووی ژمارەی برگەشەوە یەکسانن. لەم جۆرەیاندا تەنها وشەی کۆتایی پارچەکان هاوکێش و هاوسەروان، پەیوەندیی بە وشەکانی تری پارچەکان نییە، واتە دەشێت برگەکانی پارچەیەک لە پارچەیەکی تر زیاتر یان کەمتر بێت.

سێیەم: **هاوئاواز (الترصیع):** ئەوەیە کە کۆی وشەکانی پارچەیەک لەگەڵ پارچەیەکی تر هاوئاواز و هاوکێش و زۆر جار هاوسەرواش بن، واتە هەر وشەیەکی پارچەیەک بە هەمان ڕیتم و ئاوازەوە بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ وشەی بەرامبەری لە پارچەی دواتر.

**جۆرەکانی سەرواداری لە ڕووی کورتی و درێژیی پارچەکانەوە**

یەکەم: سەرواداری درێژ: ئەو پەخشانانە دەگرێتەوە کە ژمارەی برگەی هەر پارچەیەک[1] لە پارچەکان ١٥ برگە و بەسەرەوە بێت.

دووەم: سەرواداری کورت: ئەو پەخشانانە دەگرێتەوە کە ژمارەی برگەی هەر پارچەیەک لە پارچەکان لە ١٥ برگە کەمتر بێت.

سێیەم: سەرواداری تێکەڵ: ئەو پەخشانانە دەگرێتەوە کە ژمارەی برگەی پارچەیەک یان هەندێک لە پارچەکان لە ١٥ برگە کەمتر بێت و پارچەیەک یان چەند پارچەیەکی تریش لە ١٥ برگە زیاتر بێت. بە واتایەکی تر، دەقەکە تێکەڵاو بێت و لە پارچەی درێژ و کورت پێکهاتبێت.

**جۆرەکانی سەرواداری لە ڕووی کێش و ژمارەی برگەی هەریەکێک لە پارچەکان**

یەکەم: ئەوەیە کە دوو پارچە یان زیاتر هاوکێش بن و لە ڕووی ژمارەی برگەوە یەکسان بن. لەم حاڵەتەدا دەقە پەخشانیەکە وەکو شیعر دەردەکەوێ، بەو پێیەی دەقەکە کێش و سەروای دەبێ، کە دوو کۆڵەگەی شیعرن.

دووەم: ئەوەیە کە پارچەی یەکەم لە ڕووی کێشەوە کورتتر بێ و ژمارەی برگەکانی لە پارچەی دووەم کەمتر بێ.

سێیەم: ئەوەیە کە پارچەی یەکەم لە ڕووی کێشەوە درێژتر بێ و ژمارەی برگەکانی لە پارچەی دووەم زیاتر بێ.

**سەرواداری لە دەقەکانی عەلائەدین سەجادیدا**

کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی عەلائەدین سەجادی تا ئێستاش بە یەکێک لە سەرچاوە زانستییەکانی ئەو بوارە دادەندرێت، سەرەڕای زانیارییە زانستییەکانی، بایەخێکی مێژوویيشی هەیە کە بڵاوبوونەوەی بۆ ٧٠ ساڵ لەمەوبەر، واتە بۆ ساڵی ١٩٥٢ دەگەڕێتەوە. بۆ ئەو کات گرنگترین و وردترین سەرچاوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بووە. جیا لەوەی کە سەرچاوەیەکی زانستییە و زانیاری بەخشە، هاوکات بە هۆی ئەو دەقە پەخشان ئامێزانەی پێشەکیی شاعیران، کە زۆر هونەری و ئەدەبییانە دارێژراون، دەتوانین وەک کتێبێکی ئەدەبیش لێی بڕوانین. هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە گشتی لە پەخشانەکانی پێشەکیی شاعیران ڕەنگی داوەتەوە. سەجادی بەو پێیەی خۆی خاوەنی کتێبێکی بەناوبانگی بواری هونەرەکانی ڕەوانبێژیشە بە ناوی (خۆشخوانی)، بۆیە توانیویەتی زۆر بە وەستایی و جوانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەتایبەتی هونەری سەرواداری، کە بابەتی لێتوێژینەوەی ئێمەیە، لەناو ئەو دەقانەی پێشەکیی شاعیران جێ بکاتەوە.

عەلائەدین سەجادی بە مەبەستەوە ئەو پەخشانانەی نووسیوە و خستوویەتییە پێشەکیی باسکردنی شاعیران و پێی وایە خوێنەری کورد زیاتر حەز لە خوێندنەوەی شیعر دەکات و ئەو پەخشانە سەروادار و شیعرئامێزانەش وا دەکەن لە خوێندنەوەی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی هەست بە وشکی و برینگی نەکەن. هەروەک "ئازاد عەبدولواحید" لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ "عەلائەدین سەجادی" ئاماژە بەمە دەکات و لێی دەپرسێت: "مامۆستا بۆچی لە (مێژووی ئەدەبی کوردیدا) لە باسی شاعیرەکان پێشەکی بە پەخشانێکی سەرواداری شیعرئامێز دەستت پێکردووە؟ لە وەڵامدا گوتی: من دەزانم خوێنەری کورد زیاتر خوێنەری شیعرن، بۆیە ویستوومە بۆ چوونە ناو دنیای ئەو شاعیرانە و ناساندنیان بەو پەخشانە سەروادرانە سەرنجیان ڕابکێشم بۆ خوێندنەوەی باسەکە تا هەست نەکەن بابەتێکی وشک و برینگ دەخوێننەوە، بۆیە لەوێ ئەو شێوازەم پەیڕەو کردووە" (عەبدولواحید، ٢٠٠٦: ٩٣).

لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، عەلائەدین سەجادی بیست و چوار پێشەکیی پەخشان ئامێزی بۆ بیست و چوار شاعیری کوردی نووسیوە. لە هەموو پەخشانەکاندا سەرواداری هەیە. لە زۆربەیاندا بۆ هەر دوو پارچە

---

[1] پارچە لە پەخشان هاوشێوەی لەت و نیوەدێرە لە شیعر، کە عەزیز گەردی "هەڵوێست"ی بۆ بەکارهێناوە و عەلائەدین سەجادیش "ڕستە" و بەند"ی بۆ بەکارهێناوە. ئێمە وشەی پارچەمان بۆ ئەو ئەو مەبەستە بە گونجاو زانی، چونکە دەشێت ئەو چەند وشەیە دەستەواژەیەک بێت یان ڕستە و زیاتر لە ڕستەیەک بێت.

سەروایەک هەیە، لە هەندێکیشیاندا سێ پارچە یەک سەروا کۆی کردوونەتەوە. کۆی گشتیی پارچەکان (ڕستە و بەند و دەستەواژەکان) لە هەر بیست و چوار پەخشانەکە ٣٣٥ پارچەن. لە ٣٢٠یاندا، هەر دوو پارچە یەک سەروایان هەیە، کە دەکاتە ١٦٠ دوو پارچەیی هاوسەروا. لە ١٥شیاندا، هەر سێ پارچە یەک سەروایان هەیە، کە دەکاتە ٥ سێ پارچەیی هاوسەروا. پێکەوە دەبنە ١٦٥ حاڵەتی دوو پارچەیی و سێ پارچەیی.

لێرەدا لەسەر بنەمای ئەو دابەشکردنانەی کە لە کۆتایی بەشی یەکەم بۆ سەرواداری کردمان، نموونەی پارچە پەخشانەکانی سەجادی بۆ جۆرەکانی سەرواداری دەهێنینەوە و لێیان دەکۆڵینەوە:

**سەرواداری لە ڕووی وشە و دەنگەکانی سەرواوە**

وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە کە لە ڕووی سەروا و دەنگەکانی کۆتایی، سەرواداری بۆ هەریەک لە (هاوسەر، هاوڕوو هاوئاواز) دابەش کراوە. لە کۆی هەر ١٦٥ حاڵەتدا، ٥٣ حاڵەتیان هاوسەرن، ٩٦ حاڵەتیان هاوڕوون و ١٦ حاڵەتیان هاوئاوازن. لێرەدا بەشێک لە نموونە و ڕوونکردنەوە لەسەریان دەخەینە ڕوو:

هاوسەر

بە ڕێژەی ٣٢،١٢٪ ی پارچەی پەخشانەکان سەرواداریی هاوسەر پەیڕەو کراوە. پارچەکان لە وشەی کۆتاییاندا دوادەنگیان وەکو یەکە، بەڵام وشەکان هاوکێش نین، وەک لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

پێشەکیی (نالی):

**ئاوی ژیانی شیعری لە بادەی تەبعی ڕەوانا __خواردۆتەوە__**

**دەمار و فیکری جوانی بە بۆنی باغچەی ئەدەب __بووژاندۆتەوە__** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢٤).

لەم دوو پارچەیەدا هەردوو وشەی کۆتایی (خواردۆتەوە، بووژاندۆتەوە) لە ڕووی دەنگەکانی کۆتایی وەکو یەکن و لە هەردووکیاندا دەنگەکانی (دۆتەوە) دووبارە بۆتەوە، بەڵام وشەکان لە ڕووی ژمارەی برگەوە یەکسان نین. (خوار/دۆ/تە/وە) چوار برگەیە و (بوو/ژان/دۆ/تە/وە). ئەمەش لە هونەری سەرواداریدا پێی دەوترێت سەرواداریی هاوسەر.

نموونەیەکی تر لە پێشەکیی (پیرەمێرد):

**زەڵاڵی دەنگی زەنگی __سەرخۆشان__**

**بە نەشئەی مەڵبەند لە تاڤگەی __ناشان__** (سەجادی، ١٩٥٢: ٤٥٧).

هەردوو وشەی (سەرخۆشان، ناشان) لە هەرسێ دەنگی (شان) هاودەنگن، بەڵام هاوکێش نین. (سەر/خۆ/شان) سێ برگەیە و (نا/شان) دوو برگەیە.

هاوڕوو

لە ٥٨،١٨٪ ی پارچەی پەخشانەکان سەرواداریی هاوڕوو پەیڕەو کراوە، کە بە بەراورد لەگەڵ دوو جۆرەکەی تر، دەکاتە زۆرترین جۆری بەکارهاتوو. لەم جۆرەیاندا وشەکانی کۆتایی پارچەکان چ لە ڕووی کێش و چ لە ڕووی سەروا یەکسانن و وەکو یەکن. وەک لەو نموونانە دەردەکەوێت:

پێشەکیی (مەلای جزیری):

**گەوهەرێکی شەوچرا لە سەراوەردی شاخەکانی بەندەنی بەرزی __بۆتانەوە__**

**سەمەندەرێکی بێ پەروا لە بەراوردی خانەکانی عەشقەوە و دوور لە __سووتانەوە__** (سەجادی، ١٩٥٢: ١٧٩).

هەریەک لە وشەکانی (بۆتانەوە، سووتانەوە) لە ڕووی دەنگەکانی سەرواوە وەکو یەکن و لە شەش دەنگدا (تانەوە) هاوبەشن، هاوکات دوو وشەکە لە ڕووی کێشیشەوە یەکسانن و هەر یەکەیان چوار برگەن (بۆ/تا/نە/وە، سوو/تا/نە/وە). ئەمەش لە هونەری سەرواداریدا پێی دەوترێت هاوڕوو.

نموونەیەکی تر لە پێشەکیی (بێسارانی):

**دڵی کراوەتەوە بۆ ئیلهامێکی __یەزدانی__**

**بووە بە هێلانەی ئەدەبیاتی __گۆرانی__** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢٠٥).

هەردوو وشەی (یەزدانی، گۆرانی) وشەی سەروان و هەرسێ دەنگی (انی) لە هەردووکیان هاوبەشە، هاوکات هەردوو وشەکە لە ڕووی کێشیشەوە یەکسانن و سێ برگەن (یەز/دا/نی، گۆ/را/نی).

هاوئاواز

بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تر، کەمتر هاوئاوازی لە پارچەی پەخشانەکان پەیڕەو کراوە و تەنها ٩،٧٪ی پارچەکان هاوئاوازن. هاوئاوازی زیاتر لە جۆرەکانی تر وردەکاریی و وەستایی تێدایە و یەکسانیی کێش و قافیە تەنها لە وشەکانی کۆتاییدا نییە، بەڵکو لە هەموو وشەکانی تری پارچەکانە، واتە هەر وشەیەکی پارچەیەک هاوکێش و هاوسەروایە لەگەڵ وشەی بەرانبەری لە پارچەی دووەم. هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

پێشەکیی (ئەدەب):

**__سەرخۆشی مەیخانەی ئاهەنگی زەرپۆشان__**

**__دەنگخۆشی نەیخانەی یەکڕەنگی مەینۆشان__** (سەجادی، ١٩٥٢: ٤٣٧).

سەرخۆشی ← دەنگخۆشی

مەیخانەی ← نەیخانەی

ئاهەنگی ← یەکڕەنگی

زەرپۆشان ← مەینۆشان

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەو دوو پارچەیە بدەین دەبینین جیا لەوەی هاوکێش و هاوسەروان و هەردوو پارچەکان لە ١٢ برگە پێکهاتوون. هاوکات هەریەک لە وشەکانی پارچەی یەکەم هاوکێش و هاوسەروایە لەگەڵ وشەی بەرانبەری لە پارچەی دووەم دا. (سەر/خۆ/شی، دەنگ/خۆ/شی)، (مەی/خا/نەی، نەی/خا/نەی)، (ئا/هەن/گی، یەک/ڕەن/گی)، (زەر/پۆ/شان، مەی/نۆ/شان). هەریەک لە دوو وشەی بەرانبەر سێ برگەیین و هاوسەرواشن و پێکەوە گونجان و جوانکارییەکی زۆریان بە دەقەکە بەخشیوە.

نموونەیەکی تر لە پێشەکیی (ناری):

**__زمانی گویاێکی بازاڕی شیعرفرۆشان لە غەرامدا__**

**__قەڵەمی نەمامێکی گوڵزاری ستایشبێژان لە مەرامدا__** (سەجادی، ١٩٥٢: ٤٩٦).

زمانی ← قەڵەمی

گویاێکی ← نەمامێکی

بازاڕی ← گوڵزاری

شیعرفرۆشان ← ستایشبێژان

لە غەرامدا ← لە مەرامدا

لەو دوو پارچەیەشدا هەموو وشەکان لە ڕووی کێش و سەرواوە بەرانبەر دەبنەوە. هەردوو وشەی (ز/ما/نی، قە/ڵە/می) سێ برگەیین دەنگی کۆتایی (ی)یان هاوبەشە. (گو/یا/یێ/کی، نە/ما/مێ/کی) چوار برگەیین و هەر پێنج دەنگی (ایێکی)یان هاوبەشە. (با/زا/ڕی، گوڵ/زا/ری) سێ برگەیین هەر چوار

دەنگی کۆتایی (زاری)یان هاوبەشە. (شی/عر/ف/رۆ/شان، س/تا/یش/بێ/ژان) پێنج بڕگەیین و هەر دوو دەنگی (ان)یان هاوبەشە. (لە/ غە/رام/دا، لە/ مە/رام/دا) چوار بڕگەیین و هەر شەش دەنگی (ەرامدا)یان هاوبەشە.

### سەرواداری لە ڕووی کورتی و درێژیی پارچەکانەوە

لە بەشە تیۆرییەکەدا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە بۆ هەر پارچەیەک ١٥ بڕگەمان کردۆتە بنەما بۆ کورتی و درێژیی پارچەکان. ئەو دوو پارچانەی لە ١٥ بڕگە زیاترن ناومان ناون سەرواداری درێژ، ئەوانەی کەمتریشن ناومان ناون سەرواداری کورت. ئەگەر دوو پارچەکەش یەکیان ١٥ بڕگە بەسەرەوە بوو و یەکیشیان کەمتر بوو ناومان ناون سەرواداری تێکەڵ. لە کۆی ١٦٥ حاڵەتدا ٨٨یان سەرواداری کورتن. ٦٠یان سەرواداری درێژن و ١٧شیان سەرواداری تێکەڵن. لێرەدا نموونەیان بۆ دەهێنینەوە و ڕوونیان دەکەینەوە:

#### سەرواداری درێژ

بە ڕێژەی ٣٦،٣٦٪ی حاڵەتەکان سەرادادری درێژن و ژمارەی بڕگەی هەر پارچەیەک لە دوو یان سێ پارچەکە لە ١٥ بڕگە بەسەرەوەن. درێژترین حاڵەت لە پێشەکیی (مەلای جزیری) دەرکەوتووە، سەجادی دەڵێت:

**نموونەیەکی بە ڕاستی لە لالەزاری غەرامیاتدا کە ئاوازی دەنگەکەی بولبولی چەمەن بێنێتە جۆش**

**عاشقێکی سەربەستی لە بارەگای مەهوەشاناکە سەمتووری شیعرەکەی دڵ و دەماری یاران بێنێتە خورۆش** (سەجادی، ١٩٥٢: ١٧٩).

ئەم دوو پارچەیە، نموونەی دوو پارچەی درێژن و پارچەی یەکەم ٣٣ بڕگە و پارچەی دووەم ٣٤ بڕگەیە، بەم شێوەیە:

ن/موو/نە/یە/کی/ بە/ ڕاس/تی/ لە/ لا/لە/زا/ری/ غە/رام/یات/دا/ کە/ ئا/وا/زی/ دەن/گە/کەی/ بول/بو/لی/ چە/مەن/ بێ/نێ/تە/ جۆش/ ٣٣ بڕگە.

عا/ش/قێ/کی/ سەر/بەس/تی/ لە/ با/رە/گای/ مەە/وە/شا/نا/کە/ سەم/توو/ری/ شیع/رە/کەی/ د/ڵ و/ دە/ما/ری/ یا/ران/ بێ/نێ/تە/ خو/رۆش/ ٣٤ بڕگە.

نموونەیەکی تر بۆ سەرواداریی درێژ لە پێشەکیی (مەحوی):

**شێخی سەر بەرماڵی دڵ ڕووناکان بەو چاوی پڕ لە فرمێسکی خوێنینەوە**

**پیری دیوەخانی پاڵەوانان بەو باوەڕی قایمی ئاسنینەوە** (سەجادی، ١٩٥٢: ٣٦١).

ئەم دوو پارچەیەش درێژن و پارچەی یەکەم ٢٢ بڕگەیە و پارچەی دووەم ٢١ بڕگەیە، بەم شێوەیە:

شێ/خی/سەر/بەر/ما/ڵی/دڵ/ڕوو/نا/کان/بەو/چا/وی/پڕ/لە/فر/مێس/کی/خ وێ/نی/نە/وە/ ٢٢ بڕگە

پی/ری/ دی/وە/خا/نی/ پا/ڵە/وا/نان/ بەو/ با/وە/ڕی/ قا/ی/می/ ئاس/نی/نە/وە/ ٢١ بڕگە

#### سەرواداری کورت

لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە، زۆرترین حاڵەت سەرواداری کورتن و ڕێژەی ٥٣،٣٣٪یان پێکهێناوە. لەم حاڵەتانەدا ژمارەی بڕگەی هیچ یەکێک لە پارچەکان ناگاتە ١٥ بڕگە، بەڵکو کورتترن. کورتترین حاڵەت لە پێشەکیی (بێسارانی) دەردەکەوێت:

**پیرێکی دانا مەلایەکی زانا** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢٠٥).

پارچەی یەکەم ٥ بڕگەیە و دووەم ٦ بڕگەیە، بەم شێوەیە:

پی/رێ/کی/ دا/نا/ ٥ بڕگە

مە/لا/یە/کی/ زا/نا/ ٦ بڕگە

نموونەیەکی تر لە سەرواداری کورت لە پێشەکیی (مەولەوی):

**پێغەمبەری شیعری سەدەی ڕابوردوو**

**شۆڕشگێڕی باوەڕی تازە و نوو** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢٧٦).

پارچەی یەکەم ١١ بڕگەیە و دووەم ١٠ بڕگەیە، بەم شێوەیە:

پێ/غەم/بە/ری/ شیع/ری/ سە/دەی/ ڕا/بور/دوو/ ١١ بڕگە

شۆ/ڕش/گێ/ڕی/ با/وە/ڕی/ تا/زە و/ نوو/ ١٠ بڕگە

#### سەرواداری تێکەڵ

لەم جۆرەیاندا یەکێک لە پارچەکان ژمارەی بڕگەکانی لە ١٥ بڕگە کەمترە و ئەوەی تریان لە ١٥ زیاترە، واتە لە دوو پارچەکەی هاوسەروا، یەکێکیان سەرواداری کورتە و ئەوەی تریان سەرواداری درێژە. جاری وایە پارچەی یەکەمی کورتە و دووەمەکە درێژە، جاری واش هەیە بە پێچەوانەیە. ١٠،٣٪ی پارچەکان سەرواداری تێکەڵن. لێرەدا دوو نموونە دەهێنینەوە:

پێشەکیی (کوردی):

**لەم سۆزەوە بووە کە سەرەنجامی ئیشەکەی**

**کەوتۆتە عالەمی ئەرواحەوە و نەیماوە ئێشەکەی** (سەجادی، ١٩٥٢: ٣٢٧).

پارچەی یەکەمی ١٤ بڕگەیە و دەچێتە ناو خانەی سەرواداری کورتەوە، پارچەی دووەمیش ١٦ بڕگەیە و دەچێتە ناو خانەی سەرواداری درێژەوە، بەم شێوەیە:

لەم/ سۆ/زە/وە/ بو/وە/ کە/ سە/رەن/جا/می/ ئی/شە/کەی/ ١٤ بڕگە

کەو/تۆ/تە/ عا/لە/می/ ئەر/وا/حە/وە و/ نەی/ما/وە/ ئێ/شە/کەی/ ١٦ بڕگە

پێشەکیی (شێخ ڕەزا):

**قسەی ڕەوانی شەوچەرەی کۆڕی زستانی ناو ماڵان**

**خۆیشی شێخی بەرماڵی بنەماڵەی تاڵەبان** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢٧٤).

بە پێچەوانەی نموونەی پێشتر، ئەمجارە پارچەی یەکەم ١٦ بڕگەیە، واتە سەرواداری درێژە، پارچەی دووەم ١٤ بڕگەیە، واتە سەرواداری کورتە و پێکەوە حاڵەتی سەرواداری تێکەڵ دروست دەکەن:

ق/سەی/ ڕە/وا/نی/ شەو/چە/رەی/ کۆ/ڕی/ زس/تا/نی/ ناو/ ما/ڵان/ ١٦ بڕگە

خۆی/شی/ شێ/خی/ بەر/ما/ڵی/ ب/نە/ما/ڵەی/ تا/ڵە/بان/ ١٤ بڕگە

### سەرواداری لە ڕووی کێش و ژمارەی بڕگەی هەریەکێک لە پارچەکان

لەم جۆرە دابەشکردنەدا پارچەکان لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە بەرانبەر دەکرێن. لە بەشە تیۆرییەکەدا دابەشی سێ جۆرمان کردوون، یەکسان، پارچەی یەکەم کورتتر، پارچەی یەکەم درێژتر. لە پەخشانەکانی سەجادیدا ئەو پارچانەی ژمارەی بڕگەیان یەکسانە زۆرینە پێک دێنن. لە کۆی ١٦٥ حاڵەت، ٧٩ حاڵەتیان هەردوو پارچە یان سێ پارچە یەکسانن لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە، لە ٥٧ حاڵەتدا پارچەی یەکەم کورتترە و لە ٢٩ حاڵەتیشدا پارچەی یەکەم درێژترە.

#### یەکسانیی پارچەکان لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە

وەک لە بەشە تیۆرییەکەدا باسمان لێوە کرد، کە ئەم جۆرەیان وەکو شیعر خۆی دەنوێنێ، چونکە سەرەڕای ئەوەی پارچەکان هاوسەروان، لە رووی ژمارەی برگەکانیشەوە یەکسانن. ٤٧،٨٨٪ی پارچەکان لەم جۆرەن. هەموو پارچەکانی پێشەکیی شاعیران (ئەحمەدی خانی، مەلای جەباری، پیرەمێرد) ژمارەی برگەکانیان یەکسانە و ١٠ برگەیین و وەکو کێشی شیعری خۆماڵیی ١٠ برگەیی دەرکاوتوون، هەروەها پارچەکانی پێشەکیی (بێکەس)یش بەهەمان شێوە، تەنها دوو پارچەی یەکەم نەبێت، ئەوانی تر هەموویان ١٠ برگەیین. پارچەکانی پێشەکیی (ئەحمەد موختار)یش ئەگەر چت هەموویان ١٠ برگەیی نین، بەڵام هەموو دوو پارچەی بەرامبەر یەک لە رووی ژمارەی برگەوە یەکسانن. نموونە بۆ یەکسانیی ژمارەی برگەی پارچەکان:

پێشەکیی (ئەحمەدی خانی):

**قەڵەم کە نووسی نەخشی زەرکەفتی**

**شەیدای دەنگێ بوو کەوا ژنەفتی** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢١٤).

ئەم دوو پارچەیە هەردووکیان لە رووی ژمارەی برگەوە یەکسانن و بریتین لە ١٠ برگە، بەم شێوەیە:

قە/ڵەم/ کە/ نوو/سی/ نەخ/شی/ زەر/کەف/تی/ ١٠ برگە

شە/دای/ دەن/گێ/ بوو/ کە/وا/ ژ/نەف/تی/ ١٠ برگە

پێشەکیی (سالم):

**مەفتوون بە عەنعەنات و دەسەڵاتی خانەدانی خێڵەکەی بابان**

**شەیدا بە پرشەپرشی ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەو رۆژەی کوردان** (سەجادی، ١٩٥٢: ٢٥٦).

هاوشێوەی نموونەی پێشووتر ئەم دوو پارچەیە لە رووی ژمارەی برگەوە یەکسانن، بەڵام ژمارەی هەر پارچەیەکی ئەم نموونەیە ٢٠ برگەیە، بەم شێوەیە:

مەف/توون/ بە/ عەن/عە/نا/ت و/ دە/سە/ڵا/تی/ خا/نە/دا/نی/ خێ/ڵە/کەی/ با/بان/ ٢٠ برگە

شە/دا/ بە/ پر/شە/پر/شی/ ئەس/تێ/رەی/ گە/شی/ ئاس/ما/نی/ ئەو/ رۆ/ژەی/ کور/دان/ ٢٠ برگە

پارچەی یەکەم کورتتر بێ لە پارچەی دووەم

بە رێژەی ٣٤،٥٥٪ی حاڵەتەکان لەم جۆرەن و ژمارەی برگەکانی پارچەی یەکەم کەمترن لە پارچەی دووەم، بۆ نموونە:

پێشەکیی (بابەتاهیر):

**گاهێ لالەزاری زەوی بارەگای بووە**

**گاهێ جریوەی ئەستێرەی ئاسمان شەوچرای بووە** (سەجادی، ١٩٥٢: ١٧٠).

پارچەی یەکەم ١٣ برگەیە و دووەم ١٥ برگەیە:

گا/هێ/ لا/لە/زا/ری/ زە/وی/ با/رە/گای/ بو/وە/ ١٣ برگە

گا/هێ/ ج/ری/وەی/ ئەس/تێ/رەی/ ئاس/مان/ شە/و/چ/رای/ بو/وە/ ١٥ برگە

پێشەکیی (حەمدی):

**پەستی زەمانە هەموو دەم هاورازی رۆژ و شەوی بوو**

**بۆیە گڵۆکی زەوق کە دەپشکووت بۆنی کزەی دەروونی شەمی بوو** (سەجادی، ١٩٥٢: ٤٧٦).

پارچەی یەکەم ١٦ برگەیە و دووەم ٢١ برگەیە:

پەس/تی/ زە/ما/نە/ هە/موو/ دەم/ هاو/را/زی/ رۆ/ژ و/ شە/وی/ بوو/ ١٦ برگە

بۆ/یە/ گ/ڵۆ/کی/ زەو/ق/ کە/ دە/پش/کووت/ بۆ/نی/ ک/زەی/ دە/روو/نی/ شە/می/ بوو/ ٢١ برگە

پارچەی یەکەم درێژتر بێ لە پارچەی دووەم

بە رێژەی ١٧،٥٨٪ی حاڵەتەکان لەم جۆرەن و ژمارەی برگەکانی پارچەی یەکەم زیاترن لە پارچەی دووەم، بۆ نموونە:

پێشەکیی (حەریق):

کەڵلەی تەمی کردووە کە دیوبە نالی باسی کچی کردووە

سەمتووری دەنگی داوەتەوە ئەم باسی کوڕی کردووە (سەجادی، ١٩٥٢: ٤٢١).

پارچەی یەکەم ١٩ برگەیە و دووەم ١٧ برگەیە:

کەل/لەی/ تە/می/ کر/دو/وە/ کە/ دیو/بە/ نا/لی/ با/سی/ ک/چی/ کر/دو/وە/ ١٩ برگە

سە/م/توو/ری/ دەن/گی/ دا/وە/تە/وە/ ئەم/ با/سی/ کو/ڕی/ کر/دو/وە/ ١٧ برگە

پێشەکیی (تاهیر بەگ):

لە بەهەشتی دەشتی شیعرا شۆرەسوارێکی بە دیمەن

لە سروشتی وەشتی عەشقا بەشدارێکی دەوڵەمەن (سەجادی، ١٩٥٢: ٥١١).

پارچەی یەکەم ١٦ برگەیە و دووەم ١٥ برگەیە:

لە/ بە/هە/ش/تی/ دەش/تی/ شیع/را/ شۆ/رە/س/وا/رێ/کی/ بە/ دی/مەن/ ١٦ برگە

لە/ س/روش/تی/ وەش/تی/ عەش/قا/ بەش/دا/رێ/کی/ دەو/ڵە/مەن/ ١٥ برگە

ئەنجامەکان

- لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، سەجادی باسی لە ٢٤ شاعیری کورد کردووە، پێشەکیی باسکردنی هەر شاعیرێکی بە پارچە پەخشانێکی سەروادار رازاندۆتەوە.
- بەو پێیەی سەرواداری دەچێتە ناو خانەی رەوانبێژی و سەجادیش خاوەنی کتێبی خۆشخوانییە و تایبەتە بە هونەرەکانی رەوانبێژی، توانیویەتی زۆر بە وردی و وەستایی هونەرەکانی سەرواداری بەسەر پەخشانەکانی جێبەجێ بکات.
- کۆی گشتیی پارچەکان لە هەر بیست و چوار پەخشانەکە ٣٣٥ پارچەن. لە ٣٢٠یاندا، هەر دوو پارچە یەک سەروایان هەیە، کە دەکاتە ١٦٠ دوو پارچەیی هاوسەروا. لە ١٥شیاندا، هەر سێ پارچە یەک سەروایان هەیە، کە دەکاتە ٥ سێ پارچەیی هاوسەروا. پێکەوە دەبنە ١٦٥ حاڵەتی دوو پارچەیی و سێ پارچەیی .
- لە رووی وشە و دەنگەکانی سەرواوە، سەرواداری بۆ هەریەک لە (هاوسەر، هاوڕوو هاوئاواز) دابەش کراوە. لە کۆی هەر ١٦٥ حاڵەتدا، ٩٦ حاڵەتیان هاوڕوون، ٥٣ حاڵەتیان هاوسەرن و ١٦ حاڵەتیان هاوئاوازن. کەواتە سەجادی بە پلەی یەکەم سەرواداری هاوڕووی بەکارهێناوە، کە دەکاتە ٥٨،١٨٪، بە پلەی دووەم

سەرواداری هاوسەری بەکارهێناوە، کە دەکاتە ٣٢،١٢٪، بە پلەی سێیەمیش سەرواداری هاوئاوازی بەکارهێناوە، کە دەکاتە ٩،٠٧٪.

- لە ڕووی کورتی و درێژیی پارچەکانەوە، سەرواداری دابەشی سێ جۆر کراوە؛ سەرواداری کورت (ژمارەی برگەی هەر پارچەیەک کەمتر بێ لە ١٥ برگە)، سەرواداری درێژ (ژمارەی برگەی هەر پارچەیەک لە ١٥ برگە بەرەو سەرەوە بێت)، سەرواداری تێکەڵ (ژمارەی برگەی پارچەیەک لە ١٥ برگە کەمتر بێت و هی پارچەی دووەم لە ١٥ برگە بەرەو سەرەوە بێت). لە کۆی ١٦٥ حاڵەتدا ٨٨یان سەرواداری کورتن. ٦٠یان سەرواداری درێژن و ١٧شیان سەرواداری تێکەڵن. کەواتە سەجادی بە پلەی یەکەم سەرواداری کورتی بەکارهێناوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٥٣،٣٣٪، بە پلەی دووەم سەرواداری درێژی بەکارهێناوە، کە دەکاتە ٣٦،٣٦٪، بە پلەی سێیەمیش سەرواداری تێکەڵی بەکار هێناوە، کە دەکاتە ١٠،٠٣٪.
- لە ڕووی کێش و ژمارەی برگەی هەر یەک لە پارچەکان، سەرواداری بۆ سێ جۆر دابەشکراوە؛ پارچەی یەکسان، یەکەم کورتتر لە دووەم، یەکەم درێژتر لە دووەم. لە کۆی ١٦٥ حاڵەت، ٧٩ حاڵەتیان هەردوو پارچە یان سێ پارچە یەکسانن لە ڕووی ژمارەی برگەوە، لە ٥٧ حاڵەتدا پارچەی یەکەم کورتترە و لە ٢٩ حاڵەتیشدا پارچەی یەکەم درێژترە. کەواتە بە پلەی یەکەم ژمارەی برگەی پارچەکان لای سەجادی یەکسانن، کە دەکاتە ٤٧،٨٨٪، بە پلەی دووەم پارچەی یەکەم کورتترە، کە دەکاتە ڕێژەی ٣٤،٥٥٪، بە پلەی سێیەمیش پارچەی یەکەم درێژترە، کە دەکاتە ١٧،٥٨٪.

## سەرچاوەکان


**بە زمانی کوردی:**

**کتێب:**

١. سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

٢. سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨)، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

٣. گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

٤. گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپخانەی نارین، هەولێر.

**گۆڤار:**

٥. عەبدولواحید، ئازاد (٢٠٠٦)، کشانی ئەستێرەیەک و هەندێ بیرەوەری تایبەتیم، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١١٢، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

٦. عتيق، الدكتور عبدالعزيز (١٩٧٤)، علم البديع، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.


## الملخص


**السجع في مقدمات الحديث عن الشعراء المذكورين في كتاب (تاريخ الأدب الكردي) لعلاءالدين السجادي**

السجع فن من فنون البلاغة والمحسنات اللفظية، ويتعلق أكثر بالنثر، فالسجع (مثل القافية في الشعر) يقصد به أصوات وألحان مماثلة في نهاية الجمل، تعطي إيقاعا ولحنا للنص النثري.

علاء الدين السجادي -ككاتب وأديب متمكن-، فضلا عن كتابته في مجالات الأدب والنقد والتاريخ واللغة والدين، كان له باع طويل في كتابة نصوص نثرية ذات طابع شعري، وكتابه (تاريخ الأدب الكردي)، مع كونه من المصادر المهمة في مجال تاريخ الأدب الكردي، فهو مصدر أدبي كتب فيه المؤلف قبل الحديث عن حياة ونتاج كل شاعر من الشعراء الذين ذكرهم، قطعة نثرية ممزوجة بفن السجع، للتعبير عن قدراته الأدبية.

وهذا البحث محاولة لبيان وتحليل الأشكال المختلفة لفن السجع في مقدمات الحديث عن الشعراء الذين ذكرهم السجادي في كتابه تاريخ الأدب الكردي.

يتكون البحث من قسمين، تناول الأول منهما الجانب النظري واختص بالتعريف بفن السجع وخصائصه وأنواعه وانعكاسه في النثر. في حين اختص القسم الثاني بالجانب التطبيقي، وبحث فيه - بلاغيا - فن السجع وأنواعه وأشكاله المختلفة، وذلك في نثريات علاء الدين السجادي.


## Abstract


Rhyming in the introductory text of the poets in the book of the history of Kurdish literature by Aladdin Sajadi

Rhyming (Saj') is an art of rhetoric and lexical aesthetics and is more related to prose. Saj' (similar to rhyme in poetry) has several common sounds and melodies at the end of sentences and phrases in the prose text.

Aladdin Sajadi, as writer and prolific literature specialist, even though he was worked on several literary fields including, literature, criticism, history, language and religion, but was also an expert on poetical prose. In his book 'History of Kurdish Literature', which is still considered as one of the most important sources on the history of Kurdish literature, the book itself is also a literary source and foundation. In the book, where he talks about life and works of poets, he has rendered an example of the art of Saj' for each poet.

This article is an attempt to reveal and analyze the different forms of the art of Rhyming in the introductory texts of all the poets mentioned by Aladdin Sajadi in his book: 'History of Kurdish Literature'.

The research consists of two parts: the first part is theoretical and is dedicated to introducing the art of Rhyming, its characteristics and types and its reflection in prose; the second part is practical and goes into details from the point of view of aesthetics, artistic, rhetoric, different forms and types and forms of the art of Rhyming in the Aladdin Sajadi's prose.